ئیسرائیل جارێکی تر هێرشی کردەوەسەر چەند ناوچەیەکی ئێران

ئەمڕۆ شەممە،ئیسرائیل هێرشی کردەوەسەر چەند ناوچەیەکی ئێران، لە تاران و ورمێ دەنگی تەقینەوە بیسترا.

دەستەی راگەیاندی ئیسرائیل بڵاویکردەوە، لە وەڵامی بۆ ئامانگرتنی هاوڵاتییەکانی، هێرشیان بۆسەر ئێران دەستپێکردووەتەوە، باس لەوەش دەکەن هێرشەکانی ئەمجارەیان جگە لە بنکە ئەتۆمییەکان بنکەی سەربازی و ژێرخانی ئابووری ئێرانیش بە ئامانج دەگرن.

لەلایەکی تریشەوە میدیاکانی ئێران بڵاویانکردەوە، لە چەند کاتژمێری داهاتوودا ئێران هێرشێکی وێرانکەر دەکاتەسەر ئیسرائیل. باسیان لەوەشکردووە لە ناوچەکانی بەندەر عەباس و تاران و چەند ناوچەیەکی تر سیستمی بەرگری ئاسمانی ئێران بەرپەرچی موسەکەکانی ئیسرائیل دەداتەوە.